


# نێگاتیڤەکانی شۆڕش

خەبات ڕەسووڵی
(نۆرویژ)

کاکم دەڵێ: کە شەرەفکەندی شەهید بوو، باوکم گوتی: ئیدی شۆڕش تەواو بوو. دایکم کوڵمەی خۆی ڕنی و بەترسەوە گوتی: ئەیڕۆ بۆ؟ باوکم گوتی: بۆ و مۆی ناوێ تەواو بوو و ئا. هەر ئەو شەوە لە نێوەڕاستی هاڵی ماڵێ (هۆڵی) بە قوڵینگ و پێمەڕە قووڵکەیەکی نیو میتری هەڵکەند و کارتۆنێکی پڕ لە وێنەی پێشمەرگەکانی چاڵ کرد.

کارتۆنەکە، کارتۆنی قوتوو تایت بوو و بە چەسپ کردبوویانە شتێکی وەک پاکەت نامەیەکی گەورە. باوکم کارتۆنەکەی لە دوو نایلۆن پێچاوە و خستییە نێو سندووقێکەوە و سندووقەکەی قفڵ کرد و لە نێو قووڵکەکەی دانا.

بەڵام پێش ئەوەی ئەم کارانە بکات، بۆ دوایین جار دانیشت و یەک بە یەک سەیری وێنەکانی کردەوە. وەک بڵێی ماڵئاواییان لێ دەکات. من و برا و خوشکەکانم لە دەوری قووڵکەکە دانیشتبووین و حەپەساو لەم دیمەنەمان دەڕوانی. بەدزییەوە سەیری وێنەکانم کرد. ئاماژەم بە وێنەی پیاوێکی توورە کرد و گوتم: ئەوە بۆ وا توورەیە؟ باوکم سەیرێکی کرد و بزەیەک هاتە سەر لێوی و گوتی: ئەوە لە پاستارەکان توورەیە. گوتی: دەزانی ئەوە کێیە؟ بە سەبرایەک سەرم ڕاوەشاند، واتە نازانم. گوتی: ئەوە شەهید ئەبوو کانییە ڕەشییە. گوتم: ئەی ئەو پیاوە سەرخڕە؟ گوتی: ئەوە وەستاحەمەدە. گوتم: ئەی... گوتی: هەستن. هەستن لێرە لاچن ئەم وێنانە زیاتر لە پێنج سەت دانەن و ئەگەر لەسەر یەک بە یەکیان قسە بکەین تا بەیانی تەواو نابن.

پاشان باوکم شوێنەکەی جوان بە گڵ داپۆشی و لەسەر گڵەکە کارتۆنی ڕاخست. دیارە هەر ئەو شوێنە وانەبوو، هەموو هاڵێ و ژوورەکانی دیکەی ماڵێ، کارتۆنمان ڕاخستبوو و لەسەر کارتۆنەکەش مووکێت و فەرش و بەڕە و لباد و ئەو شتانە، بۆیە کەس شکی بۆ ئەوە نەدەچوو لەم بنە قووڵکەیەک هەبێ و لەو قووڵکەیەدا سەدان وێنە و نێگاتیڤ، بەڵام من قەتم لەبیر نەچوونەوە، زۆربەی شەوانی زستان کە لەوێ دەخەوتم، هەستم دەکرد ئەو شوێنە لە شوێنەکانی دیکە گەرمترە.

دوو سێ ساڵ لەم باسە تێپەڕیبوو، هەینییەک کە هەموومان بانگهێشتی ماڵی خزمێکمان کرابووین، بەدزییەوە هاتمەوە ماڵێ و گڵەکەم دەرداوە و وێنەکانم دەرهێنا.

تەنیا خوشکم دەیزانی وێنەکانم دەرهێناون، زۆر جار ئەگەر کەس لە ماڵێ نەبوایە، پێکەوە دادەنیشتین و لەو وێنانە خورد دەبووینەوە. ژنە پێشمەرگەکان زیاتر سەرنجی ئەویان ڕادەکێشا. دەیگوت: باشە ئەوانە سووڕی مانگانەیان چۆنە؟ ئەی ئەگەر دووگیان بوون لەو شاخوداخە چ دەکەن؟ من کارم بەو حیساب و کیتابانە نەبوو، من زیاتر سەیری سمێڵ و قەفی پشتێن و پووزوانە و چەک و ڕەختەکانیانم دەکرد.

نازانم باوکم چی کردبوو، بەڵام ڕۆژێک ئیتیلاعات ڕژانە نێو ماڵی ئێمە و کونوقوژبن نەما نەیپشکنن. شانسی خۆم وێنەکان لە کیفی (جانتای) قوتابخانەکەم دابوون و ئەوان بە خەیاڵیاندا نەهات سەیری ئەو کیفە بکەن. من پۆلی دووی ناوەندی بووم و ئەو ڕۆژە لەسەر زگ ڕاکشابووم و خەریکی نووسینەوەی وانەی زمانی ئینگلیسی بووم و کیف و قەڵەم و کتێب و کاغەزێکی زۆر لە دەورووبەرم بڵاوبووبوونەوە. ئەوان بەسەر مندا هەنگاویان هەڵێنایەوە و سەرنجی کیفەکەی منیان نەدا، بەڵام نوێنوبان و نێو سەنیر و دۆشەگ نەما نەیپشکنن. نێو چەمەدان و یەخدانەکەی دایکیشمیان پشکنی، تەنانەت بەفرگرەکەشمان، پاشان ڕۆیشتن. ئەو ڕۆژە من بە قەت هەموو تەمەنم ترسام و هەڵلەرزیم و دڵەخورپەم گرت. هێندە سپی هەڵگەڕابووم، لە ڕۆیشتندا جاشێک کە بە پەنامدا تێدەپەڕی گوتی: بۆ وا ترساوی؟ چیتان شاردووەتەوە؟ بە لاڵە لاڵ گوتم: چی؟ گوتی: چیتان شاردووەتەوە؟ یەکسەر بیرم بۆ قووڵکەکە چوو، پاشان خەریک بوو سەیری کیفەکەم بکەم کە وێنەکانی تێدا بوو. وەڵڵا سەیریشم کرد، بەڵام جاشەکە نازانم بۆ وازی لێم هێنا و ڕۆیشت.

دوو ساڵ بەدزییەوە ئەم وێنانەم ڕاگرت و وەک فیلمێکی تایبەت جار جار سەیرم دەکردن، بەڵام برێک کە گەورەتر بووم، تێگەیشتم ئەم وێنانە بۆمبێکی تەوقیت کراون و من لەگەڵ خۆم دەیانگێڕم. تێگەیشتم زۆر کەس لەسەر تەنیا وێنەیەک لە سێدارە دراون، بۆیە بوولێڵی ئێوارەیەکی پاییز چوومە بن تاقەدارەکەی نزیک گۆڕەکەی حەسەن زیرەک و لەوێ چاڵم کردن. ڕێک وەک باوکم لە چەند نایلۆنەوە پێچان و خستمنە نێو مجرییەکەوە و لە بن دارەکە ناشتمن.

لەپڕ دەتگوت بارێک لەسەر شانم لاچووە. هەستم بە ئازادییەکی خۆش دەکرد. دەتگوت کاژیلەیەکی بەهاریم و یەکەم جارە دەرێ دەبینم. لە خۆشییان هەر هەڵبەزدابەز و جرتوفرتم بوو، بەڵام ئەم خۆشییەم وردە وردە تەواو بوو و بۆ خۆشم وێنەکانم لەبیر چوونەوە. تا ماڵمان لەوێ باری کرد و باوکم پێش ماڵ گواستنەوە وەبیری هاتبۆوە وێنەکان دەربێنێت و ڕایانگوازێت.

ئێوارێی سێ شەممەیەکی ڕێبەندانی حەفتاوهەشت بوو و بەفر نیو میتر لەسەر ئەرزی کەوتبوو. درەنگانێک چوومەوە ماڵێ، هەر چوومە ژوورێ هەستم کرد شتێک قەوماوە. هەموو کڕمات دانیشتبوون و کەس هیچی نەدەگوت. باوکم لەسەر دۆشەکچەیەک دانیشتبوو و مۆن مۆن سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد.

بەڵام دیار بوو تەنیا چاوی لەسەر تەلەڤزیۆنەکەیە و مێشکی بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵە.

دانیشتم. پێنج خولەک زیاتر بوو دانیشتبووم و کەس متەقی لێوە نەدەهات. بەچاو ئاماژەم بە دایکم کرد، چ باسە؟ لچی هەڵقرچاند و بێ دەنگ گوتی: نازانم. وشەکە بووە سەهۆڵ و لەبەردەمی دایکم بە ئەرزیدا درا و پارچە پارچە بوو.

ئاخری باوکم وەدەنگ هات. گوتی: هەستە بابڕۆینە دەرێ. بە کاوەخۆ هەستام و بە دڵەڕاوکێوە وەدوای کەوتم. سواری پەیکانە سپییەکەی بووین. بە نێو شاریدا دەستی بە سووڕانەوە کرد. لەو شەقام بەو شەقام، بێ ئەوەی ئامانجێکی ڕوونی هەبێت، هەروا دەگەڕا و هیچی نەدەگوت. ئەو بێ دەنگییە بەسامەی باوکم سڕی کردبووم. لەبەرانبەر دوکانی گوڵفرۆشییەکەی نزیک بیمارستانی کۆن ڕایگرت و گوتی: وێنەکانت چ لێ کردوون؟

بە حەپەساوییەوە گوتم: وێنە؟

گوتی: خۆت لە گێلی مەدە، بەڵێ وێنە.

بزەیەکی تاڵم کرد. سێ ساڵ زیاتر بوو ئەو وێنانەم شاردبوونەوە. بە کورتی بۆم گێڕایەوە. یەکسەر پێی پێوەنا و تا نزیک تاقە دارەکە ڕاینەگرت. لە پەنا دارەکە ڕاوەستاین. بە قامک ئاماژەم بە شوێنەکە کرد.

بە پۆتینەکانی بەفرەکەی سەر ئەرزی لادا. دڵنیابووەوە ئەرزەکە هەڵنەکەندراوە، پاشان سەیری دیمەنی بەرانبەر دارەکەی کرد و دواتر لە شار خوردبووەوە. هەزاران گڵۆپ دایسا و بۆکان وەک ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە دەدرەوشایەوە. تووڕە نەبوو. بە ترسەوە سەیری نێوچاویم کرد. بینیم دڵخۆشە. ئەرخەیان بوومەوە لێم قەڵس نییە و هیچم پێ ناڵێت. گوتی: ئەو وێنانە مێژووی کوڕان و کچانی ئەم شارەن. مێژوویەکن کە دەبێ بگاتەوە دەستی خاوەنەکانیان. هیچم نەگوت تەنیا تفێکم قووت دا. درێژەی پێ دا و گوتی: شوێنەکەیم پێ باشە، جارێ با هەر لێرە بن، پاشان ڕۆیشت و سواری پەیکانەکەی بووەوە. منیش سوار بوومەوە. دیسان بێدەنگ تا ماڵێ لێی خوڕی.